# پابەندبوون لەئەدەبدا

# Literary Commitment

ئەکرەم قەرەداغی

کێشەی تێروانینی بەرهەمی ئەدەبی هەمیشە یەکێك بووە لەو کێشە گەورانەی ڕەخنەگرو بیرمەندو فەیلەسوفەکانی پێوە ماندوبووە، بەردەوامیش ئەو پرسیارە هاتۆتە گۆڕێ:

ئایا ئەدەب تەنها وەك سەرچاوەیەکی جوانناسی بەمەبەستی چێژوەرگرتن و خۆشی پێدان بەڕۆح و دەروون سەیربکرێت و بەهای هونەری تیایدا بکرێتە پێوانە؟ یا دەبێت ئەدەب وەك هەموو چالاکییەکی مرۆڤانە ئامانجێکی گەورەی لەدواوە بێت و خولیای ڕاستەقینەی ئەدیب، داهێنانی بەرهەمێکی ئەدەبی بێت کە لەناخ و کرۆکیدا نامەیەك ببەخشێت و بیەوێت ئامێزگرتنەوە بۆ هونەر تەنها لەپێناوی گەیاندنی ئەو نامەیەدا بکاتەوە؟ تا ئێستاش ئەم پیلە بازییەو ئەم تێڕوانینە جیاوازانە بەشێکی سەرەکین لەزۆرێك لەو توێژینەوەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر بەخشینی داهێنەرەکانی دنیای هونەر دەکرێن، بەئەدەبیشەوە..

چەمکی ئیستاتیکا Aesthetics لەگەلێك لەلێکۆڵینەوە فەلسەفیەکاندا تەنها لەسەر پنتەکانی هەستپێکردن و هاتنە بەرچاوو دیدی هونەرییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت بەو مانایەی تا چەند ئەو بەرهەمە ئەدەبیە دەتوانێت گوزارشت لەڕۆح بکات و بچێتە ناویەوەو بێ گوێدانە ڕاستگۆیی و واقعیەتی هەڵبژاردنی ئەو باسەی بەدەوریدا دەخولێتەوە، چۆتە ناویەوەو تا چەند ئەو بەرهەمە لەخزمەتی گەیاندنی بیرێکی فەلسەفیدا دەبێت!.


سارتەر

هەڵگرانی چەمکی پابەندبوون لەهەموو کارە هونەرییەکاندا تەواو بەپێچەوانەی ئەو دیدەوە سەیری هونەر بەگشتی و ئەدەب و بەتایبەتی دەکەن و ئەوان پێیان وایە کە هەموو نووسەرێك دەبێت لەو دیدەی خۆی پێی دەڕوانێتە ڕووداوو



کامۆ

چەمك و دیاردەكان دەبێت سەرنج و راو تێڕوانینی خۆی لەدووتوێی بەرهەمە ئەدەبییەكەوە بەخەڵك بگەیەنێت، بەو مانایەی ئەدەب خۆی ئامانج نییە، بەڵكو هۆییەكە بۆ گەیاندنی نامەیەكی گەورە ئیتر لەهەر فۆڕم و شێوازێكدا پێشكەشی دەكات گرنگ نیە.

لایەنگرانی ئەم چەمكە وا دەڕواننە مەسەلەكە كە شاعیر یا ئەدیب كەسێكی دانەبڕاوی ناو كۆمەڵە و كارلێكێكی جەوهەری لەگەڵ مەسەلە سەرەكییەكانی جەماوەردا دەكات و تێكەڵیان دەبێت و لەزمانی بیركردنەوە و تێڕوانینیان تێ دەگات، بەو پێیە دەبێت بەرهەمە ئەدەبییەكەی بەشدارییەكی جەوهەری هەبێت بەهەست و بیرو هونەری بۆ كێشەو مەسەلە گەورەكانی نەتەوەو وڵات و مرۆڤایەتی بەگشتی و دەبێت ئەدەبەكەی رەنگدانەوەی ئەو واقیعە بێت و لێیان جیانەبێتەوە و لەدنیای واقعەكەیاندا بژی و دەربڕی ئازارو مەینەتی و خواستەكانیان بێت. بەشێوەیەك كە رەشایی خەڵك خۆیانی تێدا بدۆزنەوە و بیكەنە وێردی سەر زمانی خۆیان، بەلای ئەمانەوە ئەدەب و هونەر بەگشتی مانایەكیان هەیە ئەگەر نەتوانن ئازارو مەینەتیەكانی خەڵك لەئامێز بگرن و خەڵكێكی برسی رەشوڕووت، بێ دەرامەت، پەككەوتە، دەربەدەر، نامۆ لەوڵات و خاكی خۆییدا ئەدەب و هونەرێك چ دادێكی ئەوان دەدات كە نەتوانێت ئاوێنەیەك بێت بۆ دەردەكانیان و خەڵكی و كاربەدەستانی لێ بەئاگا نەكاتەوە، بۆ ئەوان دەبێت وشەی رازاوەو نازونوزی ئەدەبی رووت چ تامێك ببەخشێت و كام نەشئە بخاتە دڵەوە كە نەتوانێت لەناخی كلۆڵیەكانیاندا هەواری خۆی بخات و بۆیان ببێتە رابەرو رێنیشاندەری رزگاری.

ژۆن پۆل سارتەر پاش دەرچوونی رۆمانەكەی (وشەكان) بەیەكێك لەرۆژنامەنوسەكانی ووت: (من منداڵانم دی لەبرساندا دەمردن، دەبێت بەهای رۆمانی (رشاندنەوە) چی بێت بەرامبەر منداڵێك كە دەمرێت؟!).

ئەمەش بەو مانایە دێت كە ئێستاتیكا لەئەدەب و لەهونەریشدا مانایەكی روونی بەتەنها نییە ئەگەر نەتوانێت باوەش بۆ مەسەلەیەكی گەورە بكاتەوە، یا مەسەلەیەكی گەورە بهروژێنێت.

**ئەدەب و ئایدۆلۆژی:**

لەم دیدەوە، گەلێك لەرەخنەگرو توێژەرەكانی ئەدەب لەو باوەڕەدان كە دەبێت ئەدەب نامەیەك بگەیەنێت و ئەو نامەیەش هەڵگری ئایدۆلۆژییەك بێت بەو مانایەی كە خاوەنی رابەرێكی فیكری بێت و بیەوێت لەژێر رۆشنایی ئەو فكرەدا پەیامی خۆی بگەیەنێت، چونكە ئاشكرایە ئایدۆلۆژی بەتەنها كۆمەڵە بیرۆكەیەكی رووت نییە، بەڵكو رابەرایەتی ئەو بیرۆكانە دەكات بۆ دروستكردنی ئاراستە كە لەئەنجامدا دەبێتە رەوگەیەك بۆ توانای كاركردن و گۆڕین. لەم بوارەدا گرامشی دەڵێت: (ئایدۆلۆژی ئەو زەوییەیە كە مرۆڤی لەسەر دەجولێت و هۆشمەندی خۆی لەسەر بەدەست دەهێنێت و جێگای خۆی دیاری دەكات و خەباتی خۆی تیادا ئەنجام دەدات)[2].

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئایدۆلۆژی لە هەناوی خۆییدا هەموو فۆرمیولا فەلسەفی و یاسایی و رامیارییەکان کۆدەکاتەوە و لە کاتیکیشدا کە پەنادەباتە بەر هونەر بەگشتی بۆ ئەوەیە کە لەڕێگایەوە هوشیاری لەتاكو کۆمەڵدا دروست بکاتو سەرلەنوێ خەڵکی بەخۆیاندا بچنەوەو لەدەردو مەینەتیەکانیان شارەزابن و بگەڕێن بەدوای چارەسەردا، چارەسەرێك کە بتوانێت لەرەگو ریشەوە رزگاریان بکات نەك بەتەنها روکەش و بێ ماناو زوو لەناوچووبێت، ئەمەش راستەوخۆ ئەوە دەگەیەنێت کە ئایدۆلۆژیا نەك بەتەنها کاری رابەرایەتی دەکات بەڵکو دەبێتە ئەو هێزە شاراوەیەی ئەندامەکانی کۆمەڵ بەیەکەوە گرێ دەداتو بۆ هەر هەموویان دیدی لێکچوو، بەهای هاوبەش، ئامانجی گشتی، دروست دەکات.

بەهای گەورەی ئایدۆلۆژیش لەوەدایە کە هەمیشە بەندە بەمرۆڤی کۆمەڵایەتی مێژوییەوە، بەو مانایەی ئایدۆلۆژی لەرەوتێکی مێژووییدا ئەو نامانەی خۆی دەگەیەنێتو لەژیانی کۆمەڵدا رۆڵی دیاری خۆی دەردەخات، بەڵام هەمیشە ئایدۆلۆژی وەك هەموو دیدو بنەمایەکی فەلسەفی دەکەوێتە بەر پیلەبازی گەورەو گۆڕانی گەورەی بەسەردا دێتو بەوەش لەقاڵبی چەقین و بەستن رزگاری دەبێتو بەپێی قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵ، دیدی نوێ و بیری نوێ و بۆچوونی نوێ دێتە کایەوە بەوەش ئایدۆلۆژییەك کە لەسەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا سەرهەڵدەداو بڵاودەبێتەوە، لەسەردەمێکی دیدا گۆڕانێکی زۆری بەسەردا دێتو فۆڕمو ناوەرۆکی نوێ وەردەگرێت واتە مەرج نییە ئایدۆلۆژییا هەمیشە ببێتە قاڵبێکی ئاسنین و پێوانەی ئەدەب و هونەری بەگشتی پێ بکرێت، چونکە رێبازگە ئایدۆلۆژییەکان هەمیشە دیاردەی دەرونی و روناکبیری کۆمەڵایەتی تایبەتن بەسەردەمێکی دیاریکراو لەو سەردەمەدا کارلێك لەگەڵ واقیعەکەدا دەکەن و مەرج نییە لەسەردەمەکانی دواتریشدا بەهەمان گوڕو تینەوە وەك خۆیان بمێننەوە، چونکە هزری مرۆڤ هەمیشە وەك هەمو توخمەکانی دیکەی ژیان لەگۆڕان و نوێبونەوەدایە.

لەراستیشدا بەربەستێکی گەورە لەنێوانی فەلسەفەو زانست لەلایەكو ئایدۆلۆژییا لەلاکەی دیکەوە نییە، بەڵکو لەزۆربەی جاردا ئایدۆلۆژیا دیدی خۆی لەفەلسەفەیەکەوە هەڵدەهێنجێت یا فەلسەفەیەك دەکاتە زەمینەو بۆی دەبێتە ئاوێنەو دەیخاتە کارەوەو پرۆگرامی هوشیاری تاكو کۆمەڵی لەسەر دادەڕێژێت بەشێوەیەك کە پەل دەهاوێت بۆ هەموو لاکانی ژیان و سەرنج و دیدی خۆی دەربارەیان دەردەبڕێت.

ئایدۆلۆژییاش خۆی دەکەوێتە ژێر کاریگەری شیکاری زانستیەوەو زانست بەتەواوی رای خۆی دەربارەی روون دەکاتەوە، لەهەمان کاتیشدا بۆچونەکانی فەلسەفە دەربارەی زانین و کارکردن و مرۆڤ دەبنە چراوگی ئایدۆلۆژیاکە چونکە هەردووکیان واتە فەلسەفەو ئایدۆلۆژییا ئاراستەی کارتێکردنی مرۆڤایەتی دەکەن، رەنگە تەنها جیاوازییەکە لەوەدا بێت کە فەلسەفە سەراپاگیرترەو هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، بەڵام ئایدۆلۆژیا بەندە بەکۆمەڵێکی مێژوویی مرۆڤایەتیەوە.

**مارکسیەکان و ئەدەب:**

بیرۆکەی سەرەکی لەبیری مارکسیدا بۆ سیاسەت ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی دەسەڵاتێکی رێکخراوی چینێکە لەپێناو تێکشکاندن و بەکاربردنی چینێکی دیکەدا، ئەم بیرۆکەیە بەندە

بەحەقیقەتێکی سیاسیەوە حەقیقەتی زۆرانبازی چینایەتی کە سیاسەت دەکاتە فاکتەرێك لەپێناو خزمەتی چینی زاڵ لەکۆمەڵدا، یا بەمانایەکی دی کەرتێك لەکەرتەکانی سەرخانی کۆمەڵ کە بەسروشتی بینای ژێرخانەوە دیاری کراوە. مارکس لەنامەیەکدا کە بۆ یەکێك لەهاوڕێکانی ناردووە دان بەوەدا دەنێت کە ئەو دۆزەرەوەی چینەکان و زۆرانبازییەکەیان و بینای ئابوری هەبوونی چینایەتی نییە، بەڵکو نوسیویەتی کە ئەو سێ دۆزینەوە هەیە کە بریتین لە:

*سەرهەڵدانی چینەکان بەندە بەقۆناغێکی مێژوویی دیاریکراوی پەرەسەندنی بەرهەمی ئابورییەوە.

*زۆرانبازی چینایەتی دەگاتە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا.

*قۆناغیەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بەو مانایەی لەناوچوونی بەلەناوچونی چینەکان و دەرکەوتنی کۆمەڵی بێ چینی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت- بەپێی رای مارکس- کە شۆڕشی پرۆلیتاری بەرەو ئامانجێکی ئاشکرای دیاریکراو دەڕوات.

چونکە لەقۆناغی یەکەمدا پێویستە چینی پرۆلیتاریا دەستبەسەر حوکمدا بەتەواوی بگرێت تا سنورێك بۆ چەوساندنەوەی بۆرژوازیدا بنێت و هەموو بنەڕەتەکانی دەوڵەتی بۆرژوازی تێکوپێك بشکێنێت.

لەقۆناغی دوەمیشدا بنەڕەتەکانی چینایەتی لەکۆمەڵدا وردوخاش بکات و رێگا خۆش بکات بۆ دروستکردنی کۆمەڵێکی ناچینی و هەموو موڵکیەتێکی تایبەتی بۆ هۆیەکانی بەرهەمهێنان لاببات و کرداری بەرهەمهێنان بگەیەنێتە گەورەترین ئاستی لەهەردوو باری چەندایەتی و جۆرایەتیەوە و کردەی بەرهەمهێنانیش بخاتە دەست بەرهەمهێنەرەکان خۆیانەوە،و کۆمەڵی بێ چینیش کۆمەڵێکە لەسەر چەوساندنەوە. بنیات نەنراوەو زەوت کردن نازانێت، چونکە کۆمەڵێکی نا سیاسیەو لەداهاتودا بەدەستهێنانی ماهیەتی بونی مرۆڤایەتییە کە ئەوەش هەبونێکی سروشتی کۆمەڵایەتییە لەئازادی و بەختیاری پێکدێت و بۆرژوازی گۆڕی خۆی بۆ خۆی هەڵدەکەنێت و ئەو چینە بەرهەم دەهێنێت کە بەسەریدا سەردەکەوێت و لەناوی دەبات، هەروەها چینی پرۆلیتاری بەدیکتاتۆریە شۆڕشگێڕییەکەی لەناوچوونی خۆی بەدەستی خۆی ئەنجام دەدات واتە هۆیەکانی بەرپابون و دروستبوونی چینەکان و دەستەڵاتی سیاسی هەڵدەوەشێنێتەوە کە لەبنەڕەتدا هیچ نییە جگە لەوەی دەستەڵاتێکی رێکخراوە بۆ چینێك لەپێناوی زەوتکردن و چەوساندنەوەی چینێکی دیکەدا.(4)

مارکیسەکان پاش ئەوەی لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر کۆماری سۆڤێتیان دروست کرد، ریالیزمی سۆشیالیستیان کردە پێوانەیەك بۆ هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری لەدیدی ئەوانەوە، هەر بەرهەمێك لەچوارچێوەی ئەو چەمکانەی پێشەوەدا نەبوون و نەیتوانی لەقاڵبی ئەو ئایدۆلۆژییەدا بجوڵێتەوە، بەرهەمێکی لادەرەو ناچێتە قاڵبی ئەدەب یا هونەرێکی رەسەنەوە، ئەگەرچی، قوتابخانەی ریالیزمی سۆشیالیست لەئەدەبی جیهان بەگشتی و ئەدەبی سۆڤیەتی جاراندا گەلێك شاکاری زۆر گەورەو مەزنی هێنایە گۆڕێ کە تا ئێستا بەهای ئەدەبیان لەڕیزی پێشەوەدا ون نەکردووە، بەڵام ئەم لەقاڵب دانەی ئەدەب و هونەرو خستنە ناو تەلبەندی چوارچێوەیەکی زۆرەملێوە، دەست و هەست و بیری گەلێك لەنوسەرو داهێنەرانی بەستەوەو نەیانتوانی بەتەواوی

ئەوەی لەدەرون و هەست و بیریاندا هەیە وەك خۆی بیخەنە سەر كاغەز، یان بەناچاری هەندێكیان وڵاتی سۆڤیەتی بەجێهێشت و لەشوێنی دی بەرهەمەكانیان بڵاوكردەوە، لەوڵاتەكەی خۆشیاندا بەكەسانی لادەرو بەكرێگیراو ناوزەد كران.

ئەم بەستنەوەیە بەو شێوە میكانیكیە كە كەسانێكی وەك بلیخانوف بانگەوازیان بۆ دەكرد، ئەوەندەی سودی گەیاند بەئایدۆلۆژییەكە رەنگە زۆر زیاتر زیانی گەیاندبێتە رەوتی پێشكەوتنی ئەدەب و هونەرەكەو بێ بەشی كردبێت لەدەیەهاو بگرە سەدەها بەرهەمی بەپێزی مرۆڤایەتی كە ئێستا دەبوونە بەرهەمە ناوازەكانی گێتی و بەبەشێكی مەزنی ئەدەبی جیهانی دەناسران.(5)

ئایدیۆلۆژی بەو مانا میكانیكیە وشكە وەك هاو واتایەكی بێ گیانی رێبازگەیەكی لێ دێت تیایدا هەموو فۆرمیولەكانی هۆشی راستەقینەی مرۆڤ تێكەڵ بەهۆشێكی روكەشی خۆنەگرو ناجێگیری لێ دێت، ئەوەندەی نوسین و بەرهەمەكان لەڕاژەی كێشەو مەسەلە راستەقینەكانی مرۆڤدا دەبن، دەها ئەوەندە دەكەونە ناو راژەی ئەو بازنە تەسكەی بۆیان دروست كراوەو تیایدا بواری سەر دەرهێنان و هەناسە وەرگرتنیان نابێت.

**پابەندبوون و بوونگەرایی:**

بونگەرایی Existentialism رێبازێكی فەلسەفیە ئەزمونی تاك یا خودی تاك دەكاتە بنەڕەتی تێگەیشتنی مرۆڤایەتی، هۆكاری سەرەكی ئەم تێڕوانینەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەنگژە گەورەیەی كە مرۆڤ لەهەبوونێكی ئاڵۆسكاودا دەژی و جیهانێكی داخراوی پڕ لەكێشەو بەربەرەكانی بۆتە ژینگەی، لەگەڵ ئەوەشدا بونگەرایی باوەڕی راستەقینەی بەمرۆڤ خۆی هەیەو لەو باوەڕەدایە كە توانای مرۆڤ زۆر لەوە گەورەترە كە دەستەوسان و پەككەوتە بەرامبەر بەو ژیانە ئاڵۆسكاوە رابوەستێت، بەڵكو ئەو، واتە "بونگەرایی" هەموو بوون لەمرۆڤ خۆیدا كۆدەكاتەوە، هەر لەو بارەیەوە سارتەر دەڵێت: "مرۆڤ خۆی ئەو هەبوونەیە كەبوونی گێتی لەسەر پشتی ئەو وەستاوە".(6)

بەڵام ئەم رێبازە هەرگیز وەك رێبازو بزوتنەوە فەلسەفیەكانی دی سەیری تاك وەك چەمك و بەهای تاكیەتی ناكات، بەڵكو لای ئەو مانای ژیان و ئەزمونی كەسێتی خۆی لەسەرو هەموو هەوڵە فەلسەفی و زانستیەكانەوەن.

بونگەرایی باوەڕی بەوەیە كە مرۆڤ كاتێك دێتە ژیانەوە لەو هەبوونەی خۆییدا خۆی و جیهان بەپێی خودی خۆی دەناسێت و خۆی ئازادی هەڵبژاردنی لەنێوان دڵەڕاوكێی هەبوون و ئەو هەبونیەدا هەیە كە بەندە بەدڵەڕاوكێ و ترس و هۆشی مردن و ئازادییەوە. لەبونگەرا بەناوبانگەكانیش: (سارتەرو نیتشە Nietzsche و كیركیجار Kierkegaard وهایدگەر Heidegger، كامۆ Camu، فانون Fanon و دی بۆڤوار de Beauvoir)ن.(7)

بنەمای سەراپاگیری تێڕوانینی بوون لای هەموو ئەو نوسەرانە "لەگەڵ بوونی گەلێك جیاوازی دیدو سەرنج و لێكدانەوەیاندا" هەمیشە ئەوەیە كە گەڕاندنەوە بۆ واقعی راستەقینەی مرۆڤ سەرچاوەی هەموو هەوڵ و خەباتێكی مرۆڤانەیە.

سارتەر هەمیشە لەو بڕوایەدا بوو كە ماهیەت هەمیشە پێش هەبوون دەكەوێت بەڵام مرۆڤ خۆی پێش ماهیەتی كەوتوە بەومانایەی مرۆڤ خۆی بەدەستی خۆی هەبوونی خۆی دیاری دەكات.

هەر بۆیە ئەدەب و هونەر لای ئەمانیش وەك ماركسیەكان رێگایەكە بۆ بەگژاچوونەوەی واقعێك كە هەیە، دەبێت نووسەرو هونەرمەندی بونگەرایی بەرامبەر بەكێشەكانی ئەو هەبوونە دەستەوسان رانەوەستێت و بێ بایەخ تەماشایان نەكات، بەڵكو بەگژداچوونەوەی هزرو ئایدۆلۆژی و لاهوت و ئەدگارە باوەكانی مرۆڤ كارێكە دەبێت بونگەراییەكان بەردەوام تیایدا بژین، هەروەك كیركجارد تا دواساتەكانی ژیانی لەدژایەتی و بەگژداچوونەوەی كڵێسەكانی دانماركدا ژیا، سارتەر لەپێناوی ئازادیدا لەفەرەنسایەكی ئازاددا دەها جار رووبەڕووی گرتن و دەردەسەری بوەوە، ئێستاش دادگاییكردنەكانی بۆ (جۆنسۆن)ی سەرۆكی پێشوتری ئەمەریكا بەرامبەر بەجەنگی ڤێتنام بەهاوبەشی لەگەڵ فەیلەسوفی بەریتانی "بیرنارد رسل"دا وەك لاپەڕەیەكی دیار لەمێژووی نوێیدا ماوەتەوە.

چونكە بونگەراكان كاتێك ماهیەتی مرۆڤ بەتەواو دەزانن كە تێكەڵ بەكەسانی دی دەبێت و كارلێك لەگەڵ كێشەو ئازارو ئاواتەكانیاندا دەكات. لەبەرئەوەی لای ئەوان تاكێتی مرۆڤ خودێكی بێ گیان و دابڕاو ناگرێتەوە، بەڵكو خودێكە كە واقعەكەی خۆی تێ دەگات و بەرامبەری چەق نابەستێت، لەو پەیوەندییە مرۆڤایەتییە توندەدا خۆی دەبینێتەوە كە تاڕادەی تواندنەوە تیایدا خەبات دەكات، خەبات دەكات بۆ گۆڕین و هەڵتەكاندنی واقعێك كە تەنگژەو ئازارو مەینەتی بۆ خەڵك دروست دەكات، واقعێك كە هیچی پێ نییە جگە لەشەڕوشۆڕو خەم و دڵەڕاوكێ و شكست و پەنگخواردنەوەو لەناوبردن، واقعێك كە دیكتاتۆر دروست دەكات، بۆیە كەسانی وەك ساسبرزو هیدگەرو مارسیلیش هەمیشە لەوبڕوایەدابوون كە بەبێ ئەو پەیوەندی و هەبوونە لەگەڵ كەسانی دیداو باوەشگرتنەوە بۆ خواستەكانیان كەسێك نییە پێی بووترێت بونگەرا.

بۆیە بونگەراكان هەمیشە بزوتنەوەی رۆشنگەرایی دەكەنە ئەو ئامرازەی كە مرۆڤ لەچەق بەستن و دەستەوسانی و ملكەچی و گیرخواردنەوە دەردەهێنێت و دەیخاتە سەر ئەو رێگایەی كە هەبوونی خۆی بەدەستی خۆی دیاری دەكات.



جۆلیا كریستیڤا

ئەگەرچی شیعر بەشێکی گەورەی داهێنانی ئەدەبیەو لێی جیانابێتەوە بەڵام بونگەرایەکان رایەکی تایبەتیان بەرامبەر بەشیعر هەیەو لای ئەوان مەرج نییە شیعر وەك بەشەکانی دیکەی ئەدەب پابەندی ئایدۆلۆژی بێت. چونکە ئەو مەودایەی کە شیعر تیایدا باڵەفڕێ دەکات مەودای روح و ویپدانە و خۆی لەچوارچێوەکانی سۆزو هەست و هەزە خۆییەکاندا دەبینێتەوەو سارتەر لەو لێکۆڵینەوە تایبەتیەیدا لەسەر "بودلێر"ی شاعیر بەتەواوی رای خۆی لەم بارەیەوە دەرخستوەو ئەو فراوانیەی لەدنیای ئەفراندندا بۆ ئازادی و پابەند نەبوونەوە دای ناوە هەمووی داوە بەشیعر، بەڵام بوارەکانی دیکەی لێ دەرهاویشتوەو پابەندبوونی بەمەرجێکی سەرەکی بۆ داناون.[8]

بەڵام رەخنەگری ئەمەریکی ستلیفن سبندر شیعریشی لەبوارەکانی دیکەی ئەدەب جیانەکردۆتەوەو دەڵێت: "شیعر بەتەنها وێنەگرتنی ساتی سوربوونەوەی رومەتی دوو خۆشەویستەکە نییە یا بینینی جوانی گوڵێك یا دیمەنی رازاوەی زەردەپەڕ نییە، بەڵکو شیعرە کە هەموو ژیان دەگێڕێتەوە.. هەمیشە شاعیر ئەو بارودۆخە دەخاتە بەرچاوی کە دەوری ژیان دەدەن واتە ناتوانرێت ئەزمونی ژیان بێ پەنابردنە بەر بیرکردنەوە لەکێشە جەوهەریەکانی مرۆڤایەتی فەراهەم بکرێت، هەموو سیستمەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیش هەوڵدانن بۆ چارەسەری ئەم کێشانەو ئەو کاتە بۆی دەردەکەوێت کە مەرجێکی بنەڕەتی هەبوونی مرۆڤایەتی بەدەست دەهێنێت، لەوانەشە پێچەوانەی ئەمەشی بۆ دەرکەوێت، گومانیش لەوەدانییە بەم مانایەش شیعر دەبێتە رەخنەی ژیان".

لێرەدا پێویستە ئەوەش بوترێت کە پابەندبوون کراسێکی ئامادەکراونییە هەر کەسێك ویستی بیکاتە بەری، یا کۆمەڵە قاڵبێکی دروستکراو نییە بکرێتە بەرگ و بەرهەمی ئەدەبی و ئاخزێتە ناویەوە، بەڵکو مانای راستەقینەی پابەندبوون هەستکردنی خودی نووسەرە بەو فەرمانەی لەخودی ئەدەبەکەی یا بەرهەمەکەیدا دەیبینێت و هەڵوێست وەرگرتنی تەواوە لەسەرجەمی رووداوو دیاردەو گۆڕانکارییەکانی سەردەم و دەربڕینی ئەو هەڵوێستەی نوسەرە لەناو بەرهەمەکەیدا، ئەمەش لەبرێتی تەماشاکردن و بایەخ پێ نەدان و خۆپەراوێزکردن هەروەك ئەوەی هیچ یەکێك لەو مەسەلانە ئەو نەگرێتەوە. خودی سارتەرو زۆرێکی دی لەبونگەراکانیش هەر بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ ئەدەب و بەرهەمە ئەدەبیەکاندا کردووە.

سارتەر ئازادییەکی بەرپرسانە دەداتە نوسەر بۆ خۆبەستنەوە بەو پیلەبازی و زۆرانبازییەی مێژوو دەیهێنێتە ئاراوەو نوسەریش وەك کەسێکی هۆشمەندی خاوەن هەست تێکەڵ بەو زۆرانبازییە دەبێت.

سەرنج: وشەی( ئارا) لە کوردیدا پراو پری وشەی (وجود)ە واتە existen ce

لەبەر ئەوە الوجودیە-Existentialism- دەبێتە ئارایەتی. بەڵام لەبەرئەوەی بونگەرایی لەکوردیدا رۆشتوە، هەر ئەوەمان بەکارهێنا.

**پەراوێزەکان:**

1.بڕوانە:

سارتر: ما الادب؟ دار نهضة مصر للطبع والنشر ط2، 1986.

2.بڕوانە:

Gramsci "Selections From the prison Notebooks-(1929-53) Lst ed. Nowel smith London 1971 p 378.

3.ناصيف نصار:

الفلسفة في معركة الايدولوجية ط2 دار الطليعة، بيروت 1984 ص241.

4.ناصيف نصار:

هەمان سەرچاوە

ل245–246

5.بۆ زیاتر بڕوانە:

John thompson: "studies in the theory of ldeology" Cambridge, polity press-1984.

6.بۆ زیاتر بڕوانە:

Olson, Robert G. "An introduction to Existentialism" New York paper blaek-1962 Existentialism".

7.بڕوانە:

Wikipedia Free Encyclopedia Wikipedia.org/wiki/Existentialism

8.بۆ زیاتر شارەزابوون دەربارەی راکانی سارتەر لەبارەی جیاکردنەوەی شیعر لەبەشەکانی دیکەی ئەدەب بڕوانە:

سارتر: ما الادب؟ دار نهضة مصر للطبع والنشر (الفصل الاول–الشعر الايجائي).